# ناسیونالیزم ئاو بە ئاشی شۆڤێنزمدا دەکات

هەژێن
٢٠٠٥/٧/١٧

هەواڵی تەقینەوەکانی ناو تورکیا، هاوکات و لەناو جەرگەی سڵەمینەوەی ڕای گشتی بەرامبەر ئیسلامییەکان، ڕاچڵەکانیکی توونده بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان بە هاوپشتی دۆزی کورد و خەباتەکەی لە گشت پارچەکاندا و بەتایبەت لە تورکیا دادەنێن.

بۆ زۆرێک و لەوانەش من، پاش چەکدانانی هێزەکانی پەکەکە و شیتەڵبوونی ئەم پارتە بۆ چەند پارتی ڕەنگاوڕەنگی هاوسروشت، بیستنی هەواڵێکی لەو جۆرە و لە ساتێکی وا هەستیاردا، زیاتر گومانی دەستهەبوونی حکومەتی تورکی و ئیسلامییەکانی لێدەکرا، تاوەکو گرووپێک، کە پاگەندەی مافی نەتەوەیەک دەکا، کە بۆ خۆی قوربانی دەستی تیرۆری داگیرکەرانیەتی و لە کاتێکی وا چارەنووسسازدا، کە دەوڵەتی تورکیە لەژێر فشارێکی دەرەکی بەتایبەت یەکێتی ئەورووپیدایە، ئەگەر گەمژەیی سەرانی ئەم گروپە نەبێ، ئەوا کرێگتەیی ئەم گروپە بۆ دەسەلاتدارانی تورکییە نیشاندەدات.

خەباتکارانی کورد لە کوردستانی ژێردەستی تورکیەدا، کاتێک کە دەستییان بۆ بەرهەڵستی چەکداری برد، پاتیزانی لە دونیادا شکستی خواردبوو و لە کوردستانی بەشی عیراقیشدا، دووبارە خۆی لە سەرەڕێی شکستدا دەبینییەوە. ئەگەر چی بەهۆی گیرانی ئۆجەلانەوە بوو، کە ملیان بە دانانی چەک دا، بەلام جاوەڕێی ئەوە دەکرا، شێوازی خەبات لە شاخەوە بۆ شار، لەنیو وەرزێران بۆ نێو کارگەران بگوێزێتەوە و شێوازی نوێ و ئامرازی گونجاوی خۆی بدۆزێتەوە، بەلام پەنابردنەوەی دووبارەی ناسیونالیستەکان بۆ چەک و زاڵکردنەوەی کەشی سەربازی و دڵەراوکێی شەڕ بەسەر جەماوەردا، زەمینەی ئەو ئاڵوگۆرانەی لە بزووتنەوەی جەماوەریدا لەباربرد و زەمینەی بۆ چینەکردنەوەی دوژمان لەو خۆڵەپۆتەدا خۆشکردەوە.

ئەگەر بەر لە ساڵێک، دەسەلاتدارانی تورکیە، لەبەرامبەر لیستی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و تاوانەکانیدا، بەرامبەر کوردەکان، دۆشدادەما و بۆ خۆقوتارکردنی لەژێر ئەو فشارەدا نەیدەزانی دەست بەکام پوشەوە بگرێت، ئەوا ئەوڕۆکە زۆر ئاسایی لەبری پوشێک دەست بە گۆچانی تیرۆرستانەوە دەگرێت و ئەوانەی کە دوێنێ چ لەبەرژەوەندی خۆیان و چ بەناو پشتیوانی مافی مرۆڤ و کەمایەتی کوردەوە، فشاریان بۆ دێنا، بۆ بەرگرتن بە تیرۆرێک کە لە ئەفگانستانەوە بۆ لەندەن کلپەی سەندووە، دەکێشێتە ریزی خۆیەوە و لەڕێگەی ڕاگەیاندی ناوی کوردەکان لەپاڵ ئەم تیرۆرانەدا، خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد، دەکاتە هاوتای تیرۆریزمی ئیسلامییەکان!

ئەمە بەرەنجامی ئەو شاکارانەیە، کە ناسیونالیستەکان لەم ساتە وەختەدا، دەیانخوڵقێنن و لە ڕێی خودا ڕژێمی گەندەڵی تورکیە لە تەنگەتاوی ڕزگاردەکەن. ئەمە سەرەنجامی لۆژیکی ئەو هەولانەیە و ئەوەی ئەمە نەبینێت، تەنیا دەتوانێت کەسانیکی دەسەلاتخوازی چنگ خوێناوی بن. کەسانێک کە تەنیا برابەشی لە دەسەلاتدا لە بۆرژوازی تورک دەخوازن، کەسانێک کە ئامادەن نەتەوەیەک بکەنە قوربانی سەرکردەیەکی ترسنۆکی خۆ بەدەستەوەدەر، کەسانێک کە هیچکات شۆرش و خەبات لایان لە هەولی چنگ گیربوون لە دەسەلات واوەتر نەبووە! کەسانێک کە نەتەوە و ستەمی نەتەوەیی لە دێوجامەیەک بۆ گەیشتن بە سەروەری بەولاوەتر نییە! ئایا ئەمە ئەو شتەیە کە چین و توێژە ستەمدیدەکانی کورد لە کوردستانی بەشی تورکیەدا خوازیارنی؟

بەرای من ئەرکی هەر ئازادیخوازێکە، چ لە کوردستان و چ لە ئەفریکا، ئاوا دەستەکەی شێخ زانا و تەقینەوەکانی لەندەن ڕسوا دەکەن، دەبێت هەوڵی ئەم گروپە گومان لێکراوەش لە تیرۆردا ڕسوا بکەن. ئەرکی سەرشانی هەر کوردێکە و هەڵوێستێکی چارەنووسسازە لەم ساتەدا، شانبەشانی خەبات دژی سیاسەتە شۆڤێنستەکانی تورکیە، خەبات دژی هەر هێز و لایەنێک بەرێ بخات، کە بیەوێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلێک ئامێتەی تیرۆر بکات. کەسانێک کە ئەوڕۆکە هانا بۆ تیرۆر دەبەن، پەیامیان بۆ سبەینێ، ئەوەیە کە هەر کەس نەیاریان بێ، ئەوا تیرۆری دەکەن. ئەمە لۆژیکی ڕەوتێکە کە ئەم گروپانە کەوتوونەتە سەر ڕێی. ئایا ئەمە ڕێکەوتە، کە لە باشووری کوردستان کوردەکان لەگەڵ هەڕەشەی تیرۆری ئیسلامییەکان ڕووبەڕوون، کە لەلایەن تورکیا و ئێران و سوریاوە پشتیوانییان لێدەکرێت، هەروا لە باکووری کوردستان گروپێک بەناوی کوردەکانەوە، کارێک ئەنجام دەدەن، کە دەسەڵاتدارانی تورکیە، بەگیان دەیکرن و دەیخوازن؛ واتە تیرۆری گەریدە و شارنشینانی بێتاوان! ئەمە لە گەمژەییەوە بێ یا بەکرێگیراوی، هیچ لەوە ناگۆڕێت، کە بەری ئەم کارانە شۆڤێنیزمی تورک دەیخوات!